## چەند چالاکییەکی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان سەبارەت بەخنکاندنی لاڤە جمالی 4 ساڵان!

هەر لە سەرەتای دیار نەمانی لاڤە جمالی 4 سالان  لە رۆژی 2-4-2006 دا ، کە لە لایەن مریەمی نەقیبی سەر بە هیزەکانی وەزارەتی پیشمەرگەوە رفینرابوو ، وە بە شیوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە خنکاندبووی. کاتێك مریەمی دڵڕەق دەستی نابووە بیناقاقای ناسکی لاڤە بۆ ئەوەی بیخنكێنیٚ ، ئەو ووتبوی " دادە مریەم بۆ ئەمخنکێنی، توخوا چیم کردووە بۆ ئەمکوژی" بەڵام بەداخەوە ئەم قسانەی لاڤە هیچ کاری نەکربووە سەر هەستی ڕەق و دڵی بێبەزەیی و پڕلە قینی مریەم و چڕنوکی خوێناوی لە گەردنی گیر کردبوو و تا گیانی





کێشا.

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بەدوای ئەم کێشەیەدا و لەم راستایەدا هەم لەو کاتەدا کە هیشتا مریەمی نەقیب دانی نەنا بوو بەم تاوانە گەورەیەدا، چەندین کاری ئەنجام داوە لە پیناو دۆزینەوەی تاوانباری ئەم کارەساتە و دوای دان پیا نانی مریەمیش بە تاوانەکەیدا ، لە هەوڵی ئەوە دا بووە کە ئەم تاوانبارە لە ڕێگەی دادگاوە بە سزای رەوای خۆی بگات و لە هەمان کاتیشدا ، قەزیەی لاڤە جمال ببیتە سەرەتایەك بۆ کۆتایی هینان بەو تووند و تیژیەی کە رۆژانە لە ناو خێزان و لە خویندنگە و لە کۆمەلگادا دژ بە منالان بە کار دەبریت .

لە رۆژی 23-4-2006 دا کە ئەو رۆژە بوو کە مریەمی نەقیب دانی نا بە تاوانەکەیدا ، کامران لەتیف بەرپرسی سەنتەر لە شاری سلیمانی و ستافی هاوکاری ئەو، بە شیوەی بەردەوام لە گەل کەس و کاری لاڤە جمال لە پەیوەندیدا بوون وسەردانی دایك و باوك وکەس و کارەکەیان کردووە ،و بەیانی سەنتەر لە سەر ئەم قەزیە بلاو کراوەتەوە .

رۆژی 27-4-2006 وەفدیکی 3 کەسی سەنتەر هەستان بە سەردانی دایك و باوکی لاڤە و لە سەر قەزیەکەیان قسە و باسیان لە گەلدا کردن ورۆژی 28-4-2006 یش وەفدیکی تری سەنتەر کە پیك هاتبوو لە ئازاد احمد سەرپەرشتیاری سەنتەر لە عیراق و کامران لەتیف بەرپرسی سەنتەر لە سلیمانی ،دووبارە سەردانی مالی لاڤە جمالیان کردەوە و لە سەر ئەم تاوانە گەورەیە و هەروەها بەکارهینانی توووند وتیژی لە دژی منالان قسە و باسیان لە گەلدا کردن و بەو ئەنجامە گەیشتن کە لە دژی ئەم تاوان کاریە و توووند وتیژی بەکارهینان لە دژی منالان ، ریپیوانیك بکریت تا هەم مریەمی تاوانبار، بە سزای رەوای خۆی بگات و هەم داوا لە حکومەت بکریت کە ریٚ و شوینی گونجاو بگریتە بەر بۆ بەرگرتن لەم جۆرە تاوانانە ،وە جیگای ئاماژە پیکردنە هەر لە کاتی ئەو سەردانەدا کامەران لەتیف بە شیوەی راستەو خۆ چاوپیکەوتنیکی رادیۆیی لە گەل رادیۆی زەحمەت کیشان لە شاری سلیمانی کرد سەبارەت بە قەزیەی لاڤە جمال.

ئەوە بوو رۆژی 29-4-2006 کامران لەتیف بە نوینەرایەتی سەنتەر و کەس و کاری لاڤە جمال سەردانی بەریوەبەرایەتی ئاسایشی سلیمانیان کرد و داوای مۆلەتیان کرد بۆ ساز دانی ریپیوانەکە ، بەلام لەویوە نێردران بۆ لای جیگری پاریزگاری سلیمانی و لەویش لە جیاتی مۆلەت پیدان باسی ئەوەیان لە گەلدا کرا بوو کە ریپیوان قەدەغەیە، بەڵام یادداشتیك بنووسن تا پاریزگای سلیمانی بەرزی بکاتەوە بۆ لایەنە بەرپرسەکانی سەروو تر بۆ بەدوادا چوونی ئەم کیشەیە.

رۆژی 2-5-2006 کامران لەتیف و بنەمالەی لاڤە جمال سەردانی کاك جووتیار جیگری پاریزگاری سلیمانیان کردەوە و ئەویش پیی راگەیاندن کە ریپیوان قەدەغەیە لە بەر ئەوەی کە لەوانەیە ئاژاوە گیری ببیت. بەلام یادداشتەکەی لی وەر گرتن و هەر لەویش داوا لە بەریز جیگری پاریزگار کرا کەمۆلەتی ئەوەیان پی بدریت کە لە چلەی لاڤە جمالدا ،مەراسیمیکی شایستە ساز بکریت.

بە دوای ئەمەشدا کامران لەتیف بە نوینەرایەتی سەنتەر سەردانی هۆلی سەنتەری چالاکی گەنجانی کرد بۆ وەرگرتنی هۆلەکە بۆ ئەوەی لە رۆژی 15-5-2006 دا مەراسیمی چلەی لاڤەی تیا بەرپا بکریت.

کە بە خۆشحالیەوە ئەوانیش بەرەو پیری داواکەی سەنتەرەوە هاتن وهەر لە ریگای ئەوانیشەوە چاوپیکەوتنیك لە نیوان کامران لەتیف بەرپرسی سەنتەر لە سلیمانی وریکخراوی مندال پاریزی کوردستان ساز کرا و ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ هەموو جۆرە هاوکاریەك لەم پیناوەدا .

شیاوی باسە کە هەر لەم راستایەدا بە سەدان نوسخە لە بەیانی سەنتەر لە سەر تاوانی کوشتنی لاڤە جمال لە سلیمانی و رانیە بلاو کراوەتەوە.

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان پلانی داناوە کە لە رۆژی 15-5-2006 دا مەراسیمیکی شایستەی ڕێز لێنان بۆ گیانی پاکی لاڤەی پەپولە، بەبۆنەی چلەیەو ساز بکات و لە هەمان کاتیشدا پیشانگایەك دەکاتەوە کە تیایدا شکل و شیوازە جۆراو جۆرەکانی توند وتیژی بەکارهینان لە دژی منالان نیشان دەدریت.

**ئازاد احمد**

**سەرپەرشتیاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان**

santarimnalan@santarimnalan.com ، www.santarimnalan.com,

2006-05-05